# هەڵدانەوەی (ئەرشیف)ی رابوردوو

**هەوڵ ئەدەین لەمەو بەدواوە ئەو بەڵگە مێژوویانەی بوون لە رابوردوودا کراون یانووسراون وئێوە لێ ی بێ ئاگابوون وەك خۆی بڵاوی بکەینەوە بۆ ئەوەی خەڵکی تێ بگات شتەکان چۆن بوون وچۆن دووبارە ئەبنەوە وچۆنیش گۆڕان بەسەر هیچ ئەقڵ وکارو کردەوەیەکدا نەهاتووە یا نایەت . خەڵکی کوردیش وەك ( مێگەل ) بە کەڕوکاس خۆی داوەتە دەم لافاوی قەدەرو لە گەڵیدا قەڵەمباز ئەدات و ئەڕوات وگوێ بە هیچ نادات . وەك ئەوەی ( مێشی )یشی میوان نەبێ هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەو لا پەڕانەی رابوردوو هەڵ ئەدەینەوە وئەڵێین هیچ شتێك لەم ژێر تیشکی خۆری ژیانەدا بۆ کورد تازەنی یە هەر قەوانە کۆنە کەیە و لێ ئەدرێتەوە .**

کوردی خوارووی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ دا دژی دەسەڵاتی (بەعس) ی فاشیست راپەریوو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان بۆ ماوەی زیاد لەبیست رۆژ بە ئازادی کەوتە دەست ، بەڵام دواتر بە کۆمەڵ هەڵاتن و روویان کردە سنوورەکانی ئێران و تورکیا ، دواتر گەڕانەوە و حکومەتێکیان بە ناوی (حکومەتی هەرێم)ەوە پێکهێنا و دواتر ئەو حکومەتەکرایە دوو ئیدارەی دژو دوژمن بەیەکترو هەرگیز چاوەڕوانی پێنە کردنەوەی لێ ناکرێت . جابەر لە



راکردنەکە لەلایەن بەرپرسانەوە بانکی رەشید و سەلام بە شەو چۆڵ کراو بەخاڵی بەجێ یان هێشت ئەمەش دەر ئەخات کە لای خەڵکی سیاسی پارە پێش هەموو شتێکە و لەوە ئەچێت ئەوانەی ئەوٍ کارەیان ئەنجام دابێت ئاگایان لەوە بووبێت کە کورد رائەکات و دوژمن دەست بەسەر کوردستاندا ئەگرێتەوە و ئەمەش دەقی ئەو نامانەیە کە بوو نە هۆی چۆڵکردنی

بانکەکان:

**١/ نامەی یەکەم :**

بەرەی کوردستان ٢٩/ ٣٠ /٣/ ١٩٩١

شەوی ٢٩/٣٠/٣/مەبلەغی ٣٠٠٠٠٠٠تەنها سێ ملیۆن دیناری کویتی لە فیئەی بیست دیناری لە بانکی رەشیدی سلێمانی /١٥ تەسلیم بە کاك دانا ئەحمەد مەجید کرا بە ئاگاداری عومەر فەتاح حسین و کاك نەوزاد



نوری محەمەدٍ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە شاری سلێمانی

**٢/ نامەی دووەم :**

شەوی ٣١/١/٣/٤/١٩٩١ مەبلەغی ٢٨٥٠٠٠٠ دینار تەنها دوو ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دینار لە فیئەی ٢٥ دینار طبعەی تازەمان لە بانقی رەشید فەرعی سلێمانی / ١٥ وەرگرت بۆ بەرەی کوردستانی ئەوا لە خوارەوە بۆمان ئیمزا کردن . بە ئامادەبوونی مامۆستا جەمال عەزیز .

**٣/ نامەی سێ یەم :**

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی سلێمانی

بۆ بانکی رافدین / فەرعی سەلام

شەوی ٢/١/ ٤/ ١٩٩١

مەبلەغی (١١٠٠٠٠٠) دینار تەنها یەك ملیۆن و صەد هەزار دینار و ٢٧٠ هەزار تراڤلر چەکمان لێ وەرگرت بۆ بەرەی کوردستانی بە ئامادە بوونی کاك جەمال عەزیز لە بانکی رافدین / فەرعی سلێمانی بۆ ئاگاداری تکایە .

عومەر فەتاح

سەرکردایەتی بەرەی کوردستان

٤/١

جەمال عەزیز ئەمین



# چاو پێکەوتن لەسەر دەستووری هەمیشەیی

**ئا / ئەمیر میرزا ئەمین**



**رەنگە ( خەبات عەبدوڵلا ) وەك نووسەرێك لای زۆر کەس کەسێکی غەریب نەبێت و ناسراو بێت ئێمەش لای خۆمانەوە وامان بە چاك زانی بە خۆمان و چەند پرسیارێکەوە لەسەر دەستوور سەردانی بکەین و راو بۆچوونی وەربگرین کە بەم جۆرە بوو :**

پرسیار/ پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی چ گرنگییەکی هەیە ؟ ئایا ئەم پرۆژەیە ئەتوانێت عێراقێکی دیموکراسی لێ بکەوێتەوە کە کورد بە مافەکانی شاد بکات ؟

وەڵام / پڕۆژەی نووسینی دەستور پاش هەشتاو چوار ساڵ لە تەمەنی وڵاتێك دێت کە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشودا لەسەر دەستی ئیستعماری بەریتانی پارچەکانی بە زۆر پێکەوە لکێنران و بەدرێژایی تەمەنی ، عێراق نەیتوانی ببێتە (دەوڵەتی نەتەوە) .

دوو ساڵ زیاترە عێراق وەکو دەوڵەت لەبەریەك هەڵوەشاوە ، بۆ دووبارە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی عێراق تەنیا دوو ڕێگە لەبەردەمدا بووە : یان دابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی ، یاخود هەوڵدان بۆ پێکەوەژیان . سەرەڕای هەموو ئەو دەنگە کوردییانەی کە داوای سەربەخۆیی و جیا بوونەوەیان لە عێراق کردو دەیکەن ، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە دووبارە بڕیاردان لە چارەنووسی عیراق ، خۆیان بە وتاری پێکەوە ژیان و مانەوە لە عێراقدا گرێ داو بۆ زامن کردنی مافەکانی کورد داخڵی شەڕی دەستور بوون .

دەستور وەکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا پێوەندی نێوان دەسەڵات و تاکەکانی گەل ڕێك دەخرێت ، بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق و لە ناوچەیەکی قەیراناوی وەکو خۆرهەڵاتی ناوەراستدا بە شێوەیەکی گشتی لە چەند ڕوویەکەوە گرنگە .. پێش هەموو شتێك دەستور بۆ یەکەمین جار و بەشێوەیەکی ڕەسمی کۆتایی بە دەسەڵاتی هەشتاو چوار ساڵ کەمینەی عەرەبی سوننە مەزهەب هێنا ، ئەو کە مینەیەی کەلە ماوە جیاجیاکانی دەسەڵاتیدا هەموو دەستە بەشەکانی تری عێراقی خستە پەراوێزەوە و بەرپرسی یەکەمی جەنگ و سەرکەوت و هەموو ماڵوێرانیەکانی گەلانی عێراقە.

لە سەرێکی تریشەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا و لەو سۆنگەیەی کە عێراق مۆزایکێکی گەلان و ئایین و کلتورە جیاجیاکانە ، پرس وڕا بە گەلانی عێراق لە نووسینەوەی دەستوردا کرا و تاڕادەیەکی باش مافەکانی ئەو لایەنانەی چەسپان . ئەوەشمان بیر نەچێت کە پڕۆژەی دەستوور سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی و بەبەراوورد لەگەڵ دەستووری وڵاتانی ناوچەکە ، لەهی زۆریان پێشکەوتووترو کراوەترە بە تایبەتیش لەڕووی ماف و ئازادییەکانی تاکە کەسەوە .

ئەگەر ئەمە لایەنە پۆزەتیڤەکانی پڕۆژەی دەستوور بن ، ئەوا کۆمەڵێك کەموو کوڕیش هەن کە چارەنووسی پڕۆژەکە لەپێکەوە ژیانێکی ئازادانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە .... ئەوەی دێباجەی دەستور بخوێنێتەوە زۆر بە ئاسانی لەوە تێدەگات کە ئیمامە شیعەکان و حوکمی فەتوا چ ڕۆلێکی سەرەکییان لە دارشتنی دەستوردا بینیوە . مەترسی ئەم تێکستە ئاینییەی کە بە ناوی دێباجەوە نووسراوە لەوەدایە کە شیعەکان تەنیا وەکو (زۆرینە و کەمینە) لە دیموکراسی تێگەیشتوون و هەستی خۆ بەزل زانینیان وەکو زۆرینەیەکی ژمارەیی بەرامبەر دەستە بەشەکانی تری عێراق بە ڕوونی دەردەکەوێت . کورد لە دارشتنی ئەم دێباجەیەدا هیچ حزورێکی یاساییان نیە و نەیانتوانیوە ئەو وشە و ڕستە ئینشائیانەی کە باس لە کوشتوبڕی بارزانیەکان و فەیلیەکان و هەڵەبجەو ئەنفال دەکات ، بگۆڕنە سەر دەقێکی یاسایی و بە (جینۆ سایدا) لە قەڵەمی بدەن ، تا لەو ڕێیەوە وەکو قوربانیانی جینۆساید داوای قەرەبوو کردنەوەیان بۆ بکرێت .

پاشان لە پێنا سەکردنی عێراقدا و لە مادەی سێدا ، عێراق بە وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین و فرە مەزهەب پێناسەکراوە، بێ ئەوەی هێما بۆ ئەوە بکرێت کە گەلی کورد شان بە شانی گەلی عەرەب دوو نەتەوەی سەرەکین . ئەمە جگە لەوەی هەر لە هەمان بەندا گەلی عەرەب بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب دانراوە . کەچی هەمان ماف بە کورد ڕەوا نەبینراوە ، وەکو ئەوەی کورد لە عێراقدا بەشێك نەبێت لە نەتەوەی کورد لە پارچەکانی تردا . لە هەموو شی مەترسیدارتر ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد نەیانتوانی بڕگەیەك بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووس تۆمار بکەن هەروەکو سەرکردەکانی باشوری سۆدان ماوەی شەش ساڵیان وەکو تاقیکردنەوە بۆ خۆیان تۆمار کرد.

ئەمەو چەندین بڕگەو مادەی تر سەبارەت مافە مەدەنیەکان ، مافەکانی ژنان ، دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و ..... هتد بە تەمو مژاوی ماونەتەوە کە دەشێت لە داهاتوودا کێشمە کێشی گەورەیان لێ بکەوێتەوە. پرسیار / بە چ شێوەیەك ئەکرێت گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی تر بۆ ژێر دەسەڵاتی داهاتووی کوردستان مسۆگەر بکرێت لە کاتێکدا تا رۆژی ئەمرۆ هیچ هەنگاوێکی لەبەر چاو لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ ئاساییکردنەوە نەنراوەو ئەو پڕۆسەیە تا کۆتایی ٢٠٠٧ دواخراوە ؟

وەڵام / بەڕای من ئاساییکردنەوە پێش ئەوەی ئەرکی حکومەتی ناوەندی بێت ، ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆیەتی . ئەزمونی هەردوو حکومەتەکەی عەللاوی و جەعفەری بە ڕوونی ئەوەیان پیشان دا کە هیچ لایەنێکی عەرەبی دەستڕۆیشتوی عێراقی ئامادە وجدی نیە لە ئاساییکردنەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی تر . بە پێچەوانەوە ، ڕەفتاری هەردوو حکومەتەکە و لێدوان و گفت و بەڵێنەکانیان تەواو دژی ئاساییکردنەوە و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەن بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردستان.

بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد (پارتی و یەکێتی) لە دوو ساڵی پێشودا نەك هەر نەیتوانیوە بە ئاڕاستەی ئاساییکردنەوە هەنگاو هەڵبێنێت، بە ڵکو لەڕێی کارکردنی تەسکی حیزبیەوە پەتای بە جەماوەری بوونیان گواستەوە ئەو ناوچانەو جەماوەرەکەیان دابەشکردەوە و لە ئەرکە ستراتیژییەکانیان دوور خستنەوە .

سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکرێت لەو وادەیەی کە بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی تر دانراوە (کۆتایی ٢٠٠٧) لە ڕێی کۆمەڵێك کارکردەوە پەلە لەئاساییکردنەوە بکات ، ئەوانیش :

١/ پێش هەر شتێك دامەزراندنی وەزارەتێك بۆ بە دوا داچوونی پرۆسەی ئاساییکردنەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی بکرێت .

٢/ ناردنەوەی بە زۆری سەرکردەو کادرو ئەندامە کەرکوکی و خەڵکی ناوچەکانی تری سەر بە حیزبە کوردستانیەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا ژیان بەسەر دەبەن .

٣/ ناردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر و قەرەبوو کردنەوەیان و یارمەتیدانیان بۆ دووبارە نیشتەجێ کردنەوەیان .

٤/ دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تر .

٥/ بەشداریکردن لە قەرەبوو کردنەوەی ئەو عەربە هاوردانەی بە نیازن کەرکوك و ناوچەکانی تر جێ بهێڵن لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە .

٦/ گرنگیدان بەلایەنی پەروەردەو فێرکردن و پێگەیاندنەوەی مامۆستا کوردەکان و دانانی بەرنامەی خوێندنی کوردی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر .

٧/ ئاساییکردنەوەی پێوەندی نێوان کورد و گەلانی تری دانیشتوی کوردستان لەو ناوچانەدا .

پرسیار / باسی ئاساییکردنەوەی پێوەندیتان کرد لەگەڵ گەلانی تری دانیشتووی کوردستاندا . ئەو پێوەندییە چۆن ئاسایی ئەکرێتەوە و میکانیزمەکانی ئەو ئاساییکرنەوەیە چۆن چۆنی ئەبن؟

وەڵام / بێ زامن کردنی پێوەندی ئاشتیانە لەگەڵ سەرجەم گەلانی دانیشتوی کوردستاندا ، نە هەرێمێکی دیموکراسی و نەسیستمێکی دەسەڵاتی سەقامگیر لە کوردستاندا بنیات دەنرێت .

هەروەکو چۆن کوردستان وڵاتی کوردانە ، بە هەمان شێوەش وڵاتی گەلانی تورکمان و کلدۆ ئاشوری و عەرەبە ڕەسەنەکانی دانیشتوی کوردستانن .

بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پێوەنییەکی ئاشتیانەش لەگەڵ ئەو گەلانەدا ، پێویستە دەسەڵاتی کوردی لە سەرێکەوە مافە نەتەوەییەکانیان لە دەستوری داهاتوی کوردستاندا مسۆگەر بکات و لەسەرێکی تریشەوە بە شداری کاریگەریان لە دەسەڵاتدا پێ ڕەوا ببینێت.

زامن کردنی پێوەندییەکی ئاشتیانە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی لەگەڵ گەلانی دانیشتوی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و لەگەڵ گەلی تورکماندا بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگیەکی گەورەی هەیە . تورکمانەکان شان بە شانی گەلانی تری کوردستان سەدان ساڵە لەسەرخاکی کوردستان و لە پێوەندییەکی تا ڕادەیەکی زۆر برایانەدا ژیان بەسەر دەبەن . لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردا چ وەکو تاك ، یان وەکو حیزب و ڕێکخراو لەبەرەی دژ بە بەعسدا زۆر جاران شان بەشانی کورد تێکۆشاون . ئەوە ڕاستە کە هێندێ لایەنی تورکمانی لە ژێر کاریگەریی تورکیادا دژی خواستەکانی کورد کاردەکەن ، بەڵام ئەوانە نوێنەری هەموو گەلی تورکمان نین و هەڵەو کەموکوڕی سیاسەتی کوردیش لە چەند ساڵی پێشوودا سەبارەت بە هەند وەرنەگرتنی تورکمانەکان پاساوی بە شێك لە توندڕەوی ئەوان دەدات .

ئاساییکردنەوەی پێوەندی و بنیات نانەوەی بڕوا لە نێوان کورد و تورکماندا پێش هەر شتێك لەوەوە دەست پێدەکات کە تورکمانەکان هەست بکەن دووەمین نەتەوەی کوردستانن . بەو پێیەش هەموو ئەو مافانەی کە دووەم نەتەوە پێویستە هەیبێت ، بۆیان دەستەبەر بکرێت . هەروەکو چۆن کورد لە عێراقدا وەکو دووەمین نەتەوە هێندێ ماف بە خۆی ڕەوا دەبینێت ، دەبێت لامان ئاسایی بێت کە تورکمانەکانیش هەمان ئەو مافانەو لە چوار چێوەی دەستورێکدا لە کوردستاندا بە خۆیان ڕەوا ببینن .

ناکرێت لە دەرەوەی ناکۆکییەکی دەسەڵاتدا کەتێیدا کوردو تورکمان و باقی گەلانی تری دانیشتوی کوردستان تێیدا بە شداربن ، باس لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکەین . ئاخر ناکرێت ئێمە باس لە کوردستانێکی فرە نەتەوە بکەین و کەچی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان هەموویان کورد بن . باس لەبرایەتی بکەین و کەچی هەموو وەزیرەکانمان کورد بن .

پێویستە دواجار کوردیش لە بە شێك لە دەسەلاتەکانی خۆی بۆ ئەوانی دی خۆش بێت ، تا ئەوانی دیش کوردستان بە ماڵی خۆیان بزانن .